# هاورێکەم ئەمڕۆ لەیادی کوشتنەکەت دەنوسم و گۆرانی ژیانت بۆ دەلێم

**(د.سالار باسیرە)**



**د.سالار باسیرەو هاوڕێ شەهیدەکەی**

شەهید فەرەیدون عبدالقادر لە تەمەنی 22 سالیدا، لەسالی 1976 بەتۆمەتی تەقەکردن لەپارێزگاری سلێمانی وپەیوەندی بە یەکێتی نیشتمانی، دوای ئەشکەنجەو ئازاردانی لەلایەن رژێمی بەعسەوە لە هەیئەی خاسەی کەرکوکەوە برا بۆ بەندیخانەی موسل و لێرە لەبەرواری 1977/5/1 فەرمانی کوشتنی درا. لەرێگای موسل بەرامبەر بە بورجەکەی ئیستگەی موسل لەشوێنێکدا لەگەل چەند تێکۆشەرێکی تری شەهیدا دوور لەخۆشەویستی و بایەخی کەس و کار خرانە ژێر گلەوە. باوکی شەهید شەست دینار نرخی ئەو فیشەکانەشی دا کە دلی کوڕەکەیانی پێ بڕی. دوای شەهید کردنەکەیشی کەس وکاری خرانە ژێر چاودێریەوەو دایک و باوکی گیران وهێلی تەلەفۆنیشیان لێ بڕین. دوای روخانی رژێمی بەعس بەهەول وهیمەتی کەسوکاریان حکومەتی هەرێمی سلێمانی شەهید فەرەیدونی لەگەل 35 شەهیدی تردا لە 2004/6/16 هێنایەوە بۆ سلێمانی و لەگردەکەی شێخ فەتاح ئەم کۆمەلە تێکۆشەرە لەباوەشی نیشتماندا ئەمجارەیان بەخۆشەویستی و بەهەنسک و فرمێسکەوە لەنوێ وە بەخاک سپێردران.

## هاورێکەم ئێستاش چەند وشەیەک بۆ تۆ

ژیانێکی کورت ژیایت بەلام ئازارێکی دورودرێژت بۆ جێهێشتین. ئەو کاتەی من رێگای دورە ولاتم گرتەبەر بەهیوای دوبارە دیداری یەکتر بووین، بەلام نەمزانی کەئەوە دوا مال ئاوایمان بوو لەیەکتر. تەنیا فریای یەک

نامە کەوتین بۆ یەکتری بنوسین. نەمزانی کەهەروا زوو ڕەشەبایەکی مردن هەلیکردو تۆی لەگەل خۆیدا برد. لەبەر چاومە کەمردن هیچ کات ئەوەندە نزیك نەبوو لێت وەك ئەو ڕۆژەی کەجەلادەکان خۆێنی تۆیان بەغەدر ڕشت. ماوەیەك بوو خەوم بەجەلادێکەوە دەبینی بەلام نەمزانی کەبۆ ئەوەبوو تۆمان لێ بسێنێت. ئیتر لەو ساتەوە ئەوە بۆتە خەونێکی ناخۆش و لێم نابێتەوە. لەئێوارەیەکدا لەکاتی خۆرئاوابوندا کەشتیەك لەکەناری ئۆقیانوسێکدا بەرێکەوت و هێدی هێدی لەچاو دووردەکەوتەوەو بچووکتر دەبۆوە، نەمزانی تۆ لەو کەشتیەدایت و هەرگیز ناگەرێیتەوە.

## قورسترین چرکە لەژیانی مرۆڤدا ئەو چرکەیەیە کەلەدایك دەبێت

هەروەك چۆن ژیان هەیە هەر بەم شێوەیەش مردن هەیە. مردن پرۆسەیەکی حەتمیە لە ژیانی هەموو زیندەوەرێکدا. مرۆڤ حوکمی ژیان وحوکمی مردنیش دراوە بەسەریدا، هەربۆیە قورسترین چرکە لەژیانی مرۆڤدا ئەو چرکەیەیە کەلەدایك دەبێت چونکە لەم ساتەی ژیانەوە ئیتر مردن هاوەلیشتە. هەموو مرۆڤێك دەمرێت بەلام پرسیارەکە لەشێوازی مردنەکەدایە.

## هەزاران نەفرەت لەو ڕۆژەی کە مرۆڤ خۆشەویستێکی لەکیس دەچێت

**هاورێکەم:** دەك هەزاران نەفرەت لەو ڕۆژەی کە مرۆڤ خۆشەویستێکی لەکیس دەچێت. هەزاران نەفرەت لەو ساتەی پەنجەی ناجوامێرانەی نامەردێك دەچێتە سەر پەلەپیتکەی ڕق وکینەی تفەنگ و لاشەی ڕۆلەیەکی بەوەفای گەل دەبڕێ و بەناکامی دەیخاتە ژێر گل و دلێ تۆیشی بۆ هەتا هەتایە لەلێدان خست و ڕوناکیەکی لە شەوێکی تاریکدا وون کرد. هەزاران هەزار نەفرەت لەو ساتەی کە هەوالی مالئاوایی بەزۆری تۆم تێدا بیست. ڕۆژی هەوالی ئیعدام کردنەکەت بوە ڕۆژێکی تەماوی بۆم کەتەوژمی غەم دەرونی دەکولاندم و فرمێسکەکانم زەویان دەبری و بروسکەی پرلەژان تاساندبوومی. دیتم کە وەرزی خێزان نەبوو کەچی گەلاکان زەرد هەلگەرابوون.

## ئەو تفەنگە نەبوو کەتۆی کوشت، بەلکو ئەوانە بوون کەفەرمانی کوشتنی تۆیاندا

**هاورێکەم:** ئەوە ئەو تفەنگە نەبوو کەتۆی کوشت، بەلکو ئەوانە بوون کەفەرمانی کوشتنی تۆیاندا. تۆ هەر بەتەنیا هاورێی قوتابخانەو لاوێتیم نەبویت، تۆ منت فێری وێنەکێشی کردو وتیان لەسەر دیواری بەندیخانەی لەسێدارەدانی موسل وێنەت کێشاوەو پێشکەش بەمنت کردووە.

## کێ دەلێت تۆ مردویت

**هاورێکەم:** کێ دەلێت تۆ مردویت؟ ئەوەتا شوێن و بیرەوەریەکانت دیارە، زەردەخەنەو خورەوشتی بەرزت وسیفاتە جوان وئازایەتی و مرۆڤ دۆست و ڕاستگۆییەکانت هەمیشە دیارە، هەر بۆیە خۆشیشم ویستیت. بەلام

داخەکەم فاشیستەکان گولی ژیانتیان زوو هەلوەراند. بەلام هاوڕێکەم دەمەوێت پێت بلێم کەدرێغیم نەکردوە بۆ تۆلە سەندنەوەت، ئەوەندەی توانیبێتم بەقەلەم و تێکۆشانی سیاسیمەوە، بەچەکی دادپەروەری وخۆشەویستیەوە تێکۆشاوم. لەئەنجامی چەوساندنەوەو کوشتنی خۆشەویستانێکی وەك تۆوە بریارم دا کەدژ بەزەبروزەنگی گیانی و رۆحی بم، فەلسەفەی ژیانم هی خۆشەویستی و ئاشتی و دادوەری بێت. لەو شوێنەی کەخۆشەویستی دەست پێدەکات پێت دەلێم کەلەو شوێنە زەبروزەنگ کۆتایی دێت ومرۆڤ دروست نەبوە بۆ ئەوەی کە بکوژرێت.

## لە گەرانەوەی دوەممدا بینیم کەدەرگای مالەکەتان بەقفلێکی گەورە داخرابوو

**هاورێکەم:** کەبۆ یەکەم جار دوای 18 سال لەژیانی ئاوارەیمەوە گەرامەوە نیشتمان ویستم دایکت ببینم، بەلام لەداخی تۆ سەری نایەوەو دەبوایە رووم بکردایەتە گۆرستان بۆلای. لە گەرانەوەی دوەممدا بینیم کەدەرگای مالەکەتان بەقفلێکی گەورە داخرابوو هەر وەك فیلمێکی ترسناك هاتە بەرچاوم. بیستم ئەمجارەیان باوکت مال ئاوایی کردوەو مالەکەشتان نەمابوو. لەگەرانەوەی سێیەممدا برا خۆشەویستەکەت کە شێوەی تۆی تێدابوو بۆ من، ئەویش لەتەمەنێکی لاویدا مال ئاوایی کردبوو. ئێستەش براکەی ترت لە سوید لێمان رۆیشت. دوای گەرانەوەت بۆ سلێمانی هاتمە سەر گۆڕەکەت، هەرچەند دلت لەشوێنێکی تر نێژراو ئێسك و پروسکەکەت هێنرایەوە، بەلام بۆ من بیرەوەریەکانت دەژین، بیرەورەییش بەشێکی ژیانە.

## هەموو تاریکایی جیهان روناکی تەنیا مۆمێك ناکوژێنێتەوە

**هاورێکەم:** وامدەزانی کەئیتر فرمێسکم نەماوە بیرێژم، بەلام لەکاتی نوسینی ووشەکانم بۆت دیتم وانیە. لەدوا وشەمدا پێت دەلێم من بەپێچەوانەی جەلادەکان گۆرانی ژیانت بۆ دەلێم و بزانە کە رۆژانی ژیان وەك دارێکە لەپایزدا کەتێکرای گەلاکان دەوەرێنێ. جاهەندێکیان گەلای شادی یە، هەندێکیش غەمباریە. هەندێك جوانی یەو هەندێك لاوی یە، هەندێکیشیان گەلای دوا تەمەنی یەکجارییە. تۆ زوتر رۆیشتیت وئیمەش زوو یان درەنگ بەرەوکاروانی مردن دێین ودواتر خۆشەویستانێکی تر یادمان دەکەنەوە. ئەوەی دەمێنێتەوە سەربەرزیە، خۆشەویستی و بەوەفایی و لێبوردنە. تۆ پەپولەیەکی رەنگاو رەنگی جوان بویت کە لەدوا ساتی ژیانتدا بەدەوری مۆمێکدا لەژورێکی تاریك سەمات دەکرد، بەلام کوتوپر خۆت کێشا بەگڕی مۆمەکەداو سوتایت، بەلام بزانە کە تۆ خۆت دواتر بویتە گڕی جوانی ئەو مۆمە کە هەرگیز هەموو تاریکایی ئەم جیهانە ناتوانێت بتکوژێنێتەوە.

**هاورێکەم:** بەئازارە ئەو کاتەی مرۆڤ خۆشەویستێکی لەدەست دەدات. بەخێر هاتیتەوە بۆ باوەشی نیشتمانی دایك وتۆش چیرۆکێکی ژیانت بۆ جێهێشتین.

**هاورێی هەمیشەت: سالار باسیرە**
salarbasira@hotmail.com